السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، وكوفر بكات بەوەی دەپەرسترێت جگە لە خوای گەورە، ئەوا ماڵ وخوێنی حەرامە، ولێپرسینەوەی ئەو کەسە لای خوای گەورەیە

لە تارقی کوڕی ئەشیەمی ئەشجەعیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، وكوفر بكات بەوەی دەپەرسترێت جگە لە خوای گەورە، ئەوا ماڵ وخوێنی حەرامە، ولێپرسینەوەی ئەو کەسە لای خوای گەورەیە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک بەزمانی شاهێدی بدات وبڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا الله)، واتا: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی جگە لە الله، وكوفر بكات بەپەرستنی جگە لە خوای گەورە، وبەرائەتی خۆی ڕابگەیەنێت لە هەموو ئاینێک جگە لە ئیسلام، ئەوا ماڵ وخوێنی ئەو کەسە حەرامە لەسەر مسوڵمانان، وتەنها کردەوەی ئاشکرای گرنگە بەلای ئێمەوە، بۆیە نابێت سامانەکەی دەستی بەسەردا بگیرێت ونابێت خوێنی بڕژێندرێت، مەگەر کەسێک تاوانێک بکات کە سزادانی واجب دەبێت بەپێی حوکمەکانی ئاینی ئیسلام. وخوای گەورە لێی دەپرسێتەوە لەڕۆژی قیامەتدا، ئەگەر ڕاستگۆ بێت ؛ پاداشت دەدرێتەوە، وئەگەر مونافیق بێت ؛ سزا دەدرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6765

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee